# به دانیشتوانی شەنگاڵ مەڵێن "یەزیدییەکان"!

2014-08-23
ناسر حەفید:

Source: facebook.com / 3 kontrakt and kurdistanpost.com

ناوبردنی کورد لە شەنگاڵ بە "یەزیدییەکان" دەستدرێژیی و جوداکارییە

کوردانی شەنگاڵ جگە لەوەی کە توشی کوشتارو ماڵوێرانیی بوون بە دەست داعشەوە، بەر تەمغەی ئەو ئەقڵەش کەوتن کە دروستکەری قەیرانەکانی کوردستانە. کوردانی شەنگاڵ یەکسەر مۆری "یەزیدییەکانیان" لێ درا. میدیا کوردییەکان سەرچاوەی ئەم تەرەقە لێدانەبوون. ئێستا میدیاکانی جیهانیش لەمانەوە کوردانی شەنگاڵ بە "یەزیدییەکان" ناو دەبەن. لە ژێر سایەی دەستەڵاتی کورددا ئەمڕۆ دەبیسترێت: مەسیحییەکان، یەزیدییەکان و شەبەکەکان. ئەمە لە کاتێکدا کە غەنی بلوریان باس دەکات کە چۆتە لای مەلیک مەحمود بۆ سەردان، مەلیک ئاگاداریی داوە کە رێگا لە دوژمنان بگرن سەربکەون بە ناوی یەزیدیی و ئایینەوە ناکۆکیی بخەنە ناو کوردەوەو پەرتی بکەن. ناکۆکیی و پەرتکردنی گەلانی داگیرکراو یەکێک بوو لە چەکە سیاسییەکانی ئینگلیزەکان. کەچی ئێستا دوای زیاد لە 90 ساڵ بە هۆی نەبوونی سیاسەتی کوردییەوە ئەم بەرنامەیە لە رێگای کورد خۆیەوە پیادە دەکرێت. دواکەوتوییەکە گەشتۆتە ئەو رادەیەی کە کەساني ئەقڵ تەسک و بێ زەوق بە ناوی ئیسلامەوە داعشانە خوێنی هەڵگرانی باوەڕی یەزیدیی و نائیسلام حەلاڵ دەکەن. سۆراني مامە حەمە لە کوردستاندا جێگای نایێتەوە بەڵام ئەمانە دەنگیان تیایدا دلێرە بە بێ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵ هەڵوێستێکی جدییان لێ بگرن. ئەمە لە کاتێکدا کە کاک ئەحمەدی شێخ زیاد لە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر ژنی مەسیحیی هێناوە بۆ کوری خۆی، کە چووە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات لە ماڵی جولەکە دابەزیووەو خزمەکانی ژنیان لێ هێناون.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەرەتادا گفتی دا کە عێراق دەکات بە نموونەی دیموکراتیی لە ناوچەکەدا. ئەوانەی دڵیان بەم گفتە خۆش بوو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە عێراق دەبێتە وڵاتێکی نموونەیی و چاولێکراو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. روخانی سەددام کۆتایی دیکتاتۆریی دەبێت. بەڵام لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاو بەریتانیاوەو روخاندنی رژێمی سەددام حسەین، لە جیاتی ئەو گفتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دروستکردنەوەی عێراق خرایە سەر بناغەی هەلومەرجی ناکۆکیی و ناشارستانیی. پارتەکانی عێراق لە جیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی ئایدۆلۆجیی وەکو دیموکراتیی، سۆشیالیستیی و لیبراڵیی دابەش ببن بوون پارتی شیعە، سوننە، کورد و تورکمان. لە کوردستانیشدا دەستەڵاتی کوردیی بەرنامەی دروستکردنی خێڵ و دیوەخانی جێبەجێ کرد. لە جیاتی گەشە پێدانی مرۆڤ و کۆمەڵ پارەیان لە دیوەخاندا خەرج دەکرد. هەر کەسێک کە پۆستێک وەردەگرێت ژمارەیەک کۆیلەشی ئەدەنێ کە بە ناوی حیمایەوە بەکار دەهێنرێن. بێگومان ئەمەش بەشێکە لە چالاکییەکانی سیاسەتی "پیسخۆرکراتیی" کە دورە لە سیاسەتی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە. مینۆرسکی باس دەکات کە هەرچەندە کورد لە ناوخۆیاندا بە هۆی داپراوییانەوە لە ناو چیاکاندا جیاواز بوون لە یەکتریی بەڵام زمانێک هەبووە کە بە گوێرەی ناوبراو هەموویان تیایدا کورد بوون. کەچی ئێستا دوای سەد ساڵ لەو تێبینییەی مینۆرسکییەوە، لە سەردەمی فەیسبوکدا کە هەر یەکە مۆبایلێکی لە دەستدایە، کورد تازە دابەش دەکرێت بەسەر یەزیدیی، مەسیحیی، جاف، هەورامیی، هەولێریی و کەرکوکیی، قەرەداخیی و ...هتد. لە ژێر سایەی ئەم دەستەڵاتەو میدیاکەیدا مرۆڤ زیاتر سەر بە گوند، خێڵ، شارو گەڕەکە. لە پاشناوی مرۆڤەکان ورد ببنەوە کە ژمارەیەکی زۆر ناوی گوند، ناوچە یان تەنانەت گەڕەکی لە خۆی داوە. حیزبایەتیش لە سەر هەمان پرەنسیپ دەڕوات. نیشتیمان و نەتەوە هەر قسەن. حیزب بۆ هەر کوێیەک بڕوات مرۆڤەکە هەر نەفەرەو دانەبەزێت ئەگەرچی حیزب لە هەموو خەتە سورەکانیش بدات.
دەربارەی چۆنیەتیی ناوهێنانی "کورد لە شەنگاڵ" بۆ نموونە تەماشای سەردێرێکی سایتی ئاوێنە بکەن:

ئێزیدیەکان: وڵاتمان لێکرا بە دۆزەخ
http://awene.com/article/2014/08/22/35115

هەروەها هەمان سایت دەنوسێت:
"خۆبەخشە ئێزیدییەکان ٢٢ چەکداری داعش دەکوژن
چەکدارە خۆبەخشەکانی ئێزیدییەکان 22 چەکداری داعش لەنزیك قەزای شنگال لە خۆرئاوای شاری موسڵ دەكوژن.
ئەم خۆبەخشانە یەكێكن لەرێكخستنە چەكدارییەكانی ئێزدییەكان بۆ روبەروبونەوەی چەكدارانی داعش‌و ناسراون بە "فیداییەكانی تاوس مەلیك" كەلەژمارەیەك گەنجی ئێزیدی خۆبەخش پێكهاتوون."

http://awene.com/article/2014/08/21/35078

ئەگەر ورد ببنەوە لەو نوسینەی ئاوێنە وشەی چەکداری بۆ هەر یەک لە کوردانی شەنگال و داعش بەکار هێناوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە زمانەکەدا لە یەک ئاستدا داینانون و کوردانی شەنگالی وەکو پێشمەرگەو کورد حساب نەکردووە. پێشمەرگە یەعنی کەسێک کە خۆبەخشانە گیانی خۆی فیدا دەکات بۆ کوردستان. ئاوێنە ئەوە دەزانێت کە گیانفیداکارن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێشمەرگە نەیبینیوون.
دیارە ئەمە نموونەی میدیاکانە بەگشتیی نەک تەنها ئاوێنە.

راگەیاندنی "سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆنتراکت":
یەکێک لە پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی کۆنتراکت ئەوەیە کە: "هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بڕیار بدات یەکێکی تر چۆن بیر بکاتەوە یان چۆن هەبێت لە ژیاندا، بەبێ جیاوازیی رەگەزو جنس."
بە گوێرەی ئەو پرەنسیپەی سەرەوە جوداکاریی ناکرێت لە نێوانی مرۆڤدا بە گوێرەی ئایین و باوەڕ. مافی رەهای هەر مرۆڤێکی تاکە چ ئایین و بڕوایەکی هەبێت لە ژیاندا. پرەنسیپە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کۆنتراکت سەرچاوە لە دەرەوەی مرۆڤەکان دەگرن کە تیایدا مرۆڤەکان پەیوەندییە سیاسییەکان دروست دەکەن بۆ پاراستنی خاک و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. بە رستەیەکی تر، پرەنسیپە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کۆنتراکت تا سنوری خودی مرۆڤ دەڕۆن، لەوێدا ئیتر کۆتاییان دێن و مرۆڤەکە خۆی لە جیهانی ناوەوەی بەرپرسیارە. بۆیە مرۆڤ بڕوای هەرچییەک بێت ئیسلام، مەسیحیی، زەردەشتیی یان بودیی ناچێتە ناو هاوکێشەی بەرگریی لە نیشتیمان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە.
ناوبردنی "کورد لە شەنگال، دانیشتوانی شەنگال، هاوڵاتیانی شەنگال و خەڵکی شەنگال" بە "یەزیدییەکان" تەمغەلێدان و دەست درێژکردنە بۆ باوەڕیان و جوداکارییە لەگەڵیان. بۆیە "سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆنتراکت" داوا لە هەموو میدیا و نوسەران دەکات کە رەچاوی پرەنسیپە زانستییەکان بکەن بۆ بیرکردنەوەو گوزارشت. بە کورد لە شەنگال مەڵێن یەزیدییەکان!

ناسر حەفید

سەنتەری لێکۆڵینەوە کۆنتراکت